کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 16:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پەیامێک بۆ ڕێزدار کاک (مەلا بەختیار) دەربارەی ئەوکەسانەی شت دەنوسن دژ بە سەرکردەکانی یەکێتی لە سایتەکان هەر وەکوو لە سایتی چاودێر بڵاو کراوەتەوە. ... باوکی شازاد

یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دورست بونیەوە دەستی نوسەرانی کردۆتەوە لە هەربابەتێک لەسەر یەکێتی و ئەندامەکانی بنوسرێت هەر لە بەڕێز مام جەلالەوە تاکو بچوکترین ئەندامی ئۆرگانەکانی خوارەوە، بەمەرجێک ئەو نوسینانە بێڕیزی نەبێت بەرامبەر بەو کەسانە وە لە بازنەی ناوهێنانی شەرەف و کەرامەتی خەڵک و ناوهێنانی شتی تایبەتی شەخسی دەرنەچێت کە لە کلتوری کوردەواری خۆمان و عورف و عادەتی تایبەتی گەلاندا هەیە بۆ نوسین لەسەر هەر کەسێک، نابیت ئەو سنورە ببەزێندرێت، وە لە هەمانکات هەندی شت هەیە پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانیمانەوە هەیە نابێت ئەو شتانەش بدرکێنرێت بۆ ئەوەی زەرەر نەگەیەنین بەبەرژەوەندی گەلەکەمان، ئەگەر لەوە ترازا دەچێتە ناو قالبی موهاتەرات و جنێو فرۆشی ئەوکاتە پێی ناڵێن نوسین بەڵکو کۆمەڵە جنێودان و بێڕێزیەکە بەرامبەر بە هەندێ کەس ئەوەش قابیلی قەبوڵ نیە لە ناو نوسەران و کۆمەڵانی خەڵک بە کارێکی ناشیرین لە قەڵەم دەدرێت جا ئەو تەجاوز کردنە دژ بە هەر کەسێک بێت گرنگ نیە لەبەر ئەوەی دژی بنەماکانی نوسین و ڕۆشنبیری کوردیە، بەڵام لەکاتێک لەلایەن کۆنە سەرکردەیەکی یەکێتی وەیان کادیرێکی دورکەوەتو لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی شتێک دەورژێندرێت ئەوە لەو کاتە نوسینی هەر بابەتێکی لەم جۆرە بە کاریکی تر حیساب دەکرێت کە ئەوە پەیوەندی بەو کوتلەو کوتلە بازیەوە هەیە بەداخەوە یەکێتیەکەمان پیی گرفتار بوە، لەو حالەتەیان دەتوانن ئێوە وەکو سەرکردایتی یەکێتی لەلای خۆتان چارەسەری بکەن و سنورێک بۆ ئەو کەسانە دابنێن و دەتوانن بیخەنە قاڵبێکی شەخسی و هەر کەسێک دەتوانێت لە دادگاکان داوای مافی خۆی بکات ئەگەر زێدەڕۆیی لەسەر کرابێت بەناهەق و بەبێ ئەوەی هیچ دێکۆمێنتێک وەیان بەڵگە نامەیەکی هەبێت سوکایەتی کردوە بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک ئەو کاتە بە پێی مادەیەکی یاسایی سزای خۆی وەردەگرێت، بە بۆچونی من ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەری ئەو مەوزوعە وە لە هامان کات ئێوەش وەکو حیزب دەتوانن ئیجرائاتی تریشی لەگەڵ بکەن ئەگەر ئەندامێکی یەکێتی بوو، بە گوێرەی قسەکانی بەڕێزتان کاک مەلا بەختیار ئەوانەی شت دەنوسن پێک هاتون لە سەرکردە دانیشتوەکان و هەندێک کۆنە کادیری یەکێتی، هەروەها کۆمەڵێک لە ناحەزانی یەکێتی کە لەسەر هیچ فرسەتێک پاز نادەن بۆ ئەوەی بێڕێزیەکانیان بکەن، بێگومان هەرکەسێک لەو بەڕێزانەی کە لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی بونە بایی خۆیان زانیاری تایبەتیان لاهەیە لەسەر سەرکردایەتی یەکێتی پێویستە وەکوو وەفایەک بۆ ئەو حیزبە ئەو نهێنیانە نەدرکینێن هەرچەندە دوریش کەوتبنەوە لێی، لەبەر ئەوەی هەر زانیاریەک لەو شێوەیە ئاشکرا بکرێت سەرکردایەتی یەکێتی بێشک دەزانێ سەرچاوەکەی لە کوێ هەڵقوڵاوە، ئەگەر خۆشیان نەبن زانیاریان داوە بە خەڵکانی تر بۆ ئەوەی ئەو شتانە بڵاو بکەنەوە بەناوی خۆیان واتە لەو کاتە وەکو مەسەلە کەی لێ دێت (بەدەستم نیە ئەممان بەدڵمە)، بۆیە دەبێ هەمولایەکمان ئاگاداربین شتی وا دزە نەکات بۆ ناو ڕۆژنامەو سایتەکانی ئینتەرنێت، بەهەر حاڵ من مەبەستم لە نوسینی ئەو پەیامە ئەوەیە ئایە سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری ئەوەی داوە کەس باسی نەکات بەهیچ شێوەیەک هەرچەندە خاڵی لاوازیش هەبێت لەناو یەکێتی پێویستیش بەوە بکات خەڵک دەری ببڕێت بۆ پێشکەوتنی یەکێتی سودیشی هەبێت و دەمی خەڵک دابخەن بەتایبەتی ئەندامانی ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەدەرەوە؟؟، یان مەبەست تەنها ئەوکەسانەن کە سوکایەتی و بێریزی بە سەرکردە تێکۆشەرەکان دەکەن، ئەگەر مەبەست ئەوەی یەکەم بێت کە دەم داخستنی خەڵک بێت ئەوە کەس قەبوڵی ئەوە ناکات لەو سەردەمەدا یەکێتی بیەوێت کەس لە پیا هەڵدان و مەدح و سەنا زیاتر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەنوسێت ئەوە شتێکی باش نیە بۆ خودی سیاسەتەکانی یەکێتی، ئەگەر کاری وا بکات خۆی دەخاتە خانەی حیزبە دیکتاتۆرەکان و ڕژێمە تۆتالیستەکانی جیهانەوە، هەرگیز ئەوە لە مەقامی بەرزی یەکێتی ناوەشێتەوە نابێت شتی وا ڕوبدات، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەی دوهەم بێت ئەوە ئێمەش لەگەڵ سەرکردایەتی خۆمان دژایەتی ئەو کەسانە دەکەین هەروەکو پێشتریش کردومانە هەتا ئیمڕۆش بە دەیان جار وەڵامی خەڵکانێکمان داوەتەوە کە زانیومانە بە ناهەق دەیەوێت سوکایەتی بە سەرکردەکانی یەکێتی بکات، من وەکو خۆم ڕاستە بە ناوی خواستراو شتم نوسیوەو گلەییشم لە هەندێک لە سەرکردەکانمان کردوە بەڵام ڕەخنەکانی من تەنها رەخنەی بنیاتنەر بونە بۆ بەرز ڕاگرتنی سیاسەتەکانی یەکێتی بوە، لە سنوری ئەدەب و رەوشتی بەرزی کوردایەتی دەرنەچومەو دەریش ناچم، من بەرامبەر خەڵکانی تر شتی وا نەکەم جا چۆن بەرامبەر سەرکردەکانی خۆم شتی وا دەکەم، هەردەم کە ڕەخنەیەکم گرتبێت وتومە من کادیرێکی دڵسۆزی یەکێتیم بۆ ئەوەی کەس نەیەت نان و پیاز بە بابەتەکانی من بخوات من بخاتە خانەی دژایەتی کردنی یەکیتی کە خۆم کادیرێکی ئەو حیزبەم، بەڕێز دکتۆر (ئەڕسەلان بایز) من دەناسێت کێم لەسەفەرەکەی کە بۆ ئەوڕوپا کردی بە تایبەتی لەگەڵی دانیشتوم لە بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە نەرویج، بەڵام هەر شتێک ببینم بۆ بەرز کردنەوەی یەکێتی و کوردایەتی سودی هەیە ئەوە بەبێ سڵەمینەوە دەینوسم وە هەر کەمو کوڕیەک لە ناو یەکێتی ببینم چاوپۆشی لێ ناکەم هەتا دەبینم ئەو کەلێنە پڕ بۆتەوە بەتایبەتی ئەگەر کارێکی ناشیاو بێت و بەزەقی کەسێک ئەنجامی دابێت و منەتی کەسیش نەزانێت بەهۆی ئەوەی کابرا بەرپرسێکی گەورەیەو لە کەس ناترسێت و سەرکردایەتیش سنوری بۆ دانانێت لەوکاتە دەبێتە ئەرکێکی نیشتمانی کە لەسەری بنوسرێت جا ئەوکەسە هەرکێ بێت و لە هەر حیزبێک بێت گرنگ نیە بەمەرجێک ئەو شتەی کە لەسەری دەنوسرێت و بەڵگەی حاشاهەڵنەگرت لابێت ئەوکاتە جێی خۆیەتی و خزمەتێکی باش دەگەیەنرێت بە کۆمەڵگاکەمان لەوانەیە بەنوسینێک گرفتی گەورە چارەسەر بکرێت، لەوەزیاتر من هیج بەهانەیەکی تر نابینمەوە بۆ ئەوەی لەسەر کەسێک بنوسم نە زەمیری خۆم ونە بنەما بەهاکانی مرۆڤایەتیش حەڵالیان کردوە خەڵک بەهەوەسی خۆی شەلم کوێرم ناپارێزم دەست لە کەس نەگێڕێتەوەو سوکایەتی بە خەڵک بکات، ئەوە لەهیچ شوێنێکی دونیا کاری وا ناکرێت مەگەر تەنها لەناو کۆمەڵگای کوردەواری شتی وا بەرچاو بکەوێت، وە پێویستە لەسەر خاوەن سایتە بەڕێزەکانیش زۆر ئاگاداری ئەو شێوە نوسینانە بن کە بەوزمانە زبرانەی سەر شەقامەکان دەنوسرێن لەبەر ئەوەی ئەوانیش زۆر خۆیان ماندو دەکەن و شەونخونی زۆر دەکەن لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ ماڵ و منالەکانیان دابنیشن وەکو خەڵک کاتی خۆیان بەسەر ببەن دانیشتون بەدیار کۆمپیوتەرەکەیان و نامەی خەڵک وەردەگرن و دەیخەنە سەر ڕوی ماڵپەڕەکانیان پاش ماندوبونێکی زۆر وکۆنترۆڵ کردنی ئەو هەموو نوسینانەی کە بەدەستیان دەگات بۆ ئەوەی خزمەتێک بگەیەنن بە گەلەکەی خۆیان و زیاتر خەڵک ڕۆشنبیر بکەن، بەڵام لە ڕێگای چەند کەسێکی نامەسئول بە هۆی هەندێک نوسینی خراپ ماندوبونەکەیان بێ بەرهەم دەبێت و لەجیاتی دەست خۆشی لێکردنیان دەبنە مایەی گلەیی و گازاندەی خەڵک، مەگەر هەندێک سایتی دیاری کراو نەبێت کە بەتایبەتی بۆ مەرامێکی وا دانرابێت کە سوکایەتی بە لایەنێکی تر بکات بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی تری ناحەز بە لایەنەکەی کە لەسەری دەنوسرێت ئەوانەش وەکوو پاشەڵی بزن لەگۆڕێن و خەڵک دەیان ناسێتەوە.

جا نازانم ئەو هەڕەشانەی بەڕێز مەلا بەختیار هەتا چ ئاستێک بڕ دەکات و ئێمەش دەگرێتەوە یان هەر کەسانی گێرەشیوێن زمانە زبرەکان دەگرێتەوە؟؟ کە مەبەستیان تەنها سوکایەتی کردنە بە خەڵکانی ناو یەکێتی بەتایبەتی بەڕێز هەڤال مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرکردایەتی یەکێتی، هیوادارم بۆچونی دوەمم نیشانەکانی خۆی پێکابێت، هەرگیز نەبینم ڕۆژێک یەکێتی دژی بۆچونەکانی خەڵک بێت و دەست بە دەمی خەڵکەوە بگرێت وەکو ئەوانی تر ڕەزای خۆی قوڕس بکات، لەبەر ئەوەی یەکێتی بە ئازادی قەڵەمەکان جوانەو بەرز تەماشا دەکرێت لەکاتی خەباتی شاخیش نوسینی ئازاد هەبوەو شتێکی زۆر سروشتی بوە کە کادیرەکانی یەکێتی پێی گۆشکراون، کاک مەلا بەختیار دەبێ لە هەموو کەسێک زیاتر هەستی پی بکات لەبەر ئەوەی پیاوێکی ڕۆشنبیری ناو یەکیتیەو زۆر هاوڕیی قەڵەم بوەو نوسینی باشیشی هەیە بەتایبەتی لەبوارە سیاسیەکان و چەسپاندنی عەلمانیەت، هەربۆیەش بە باشم زانی داوای ڕونکردنەوە یەک لە بەڕێز مەلا بەختیارو سەرکردایەتی یەکێتی بکەم لەبەر ئەوەی ماوەیەکە گوێمان لەو هەوالانە دەبێت کە باس لەوە دەکات یەکێتی سنورێک دادەنێت بۆ ئەوانەی شتیان لەسەر دەنوسن، بۆ ئەوەی خەڵک توشی هەڵەی لەیەک تێگەیشتن نەبێت، پێویستە بزانین کێن ئەوانەی دەبی ئاگاداری نوسینەکانیان بن لە سایتەکان، هەروەکو لە سایتی (چاودێر) ی خۆشەویست هاتوە لە دەمی بەڕێزیان کە ئەوانەی ماڵەکانیان لە جالْجالۆکە دروست کراوە کاری وادەکەن. بەڕاستی ئێمەی نوسەرانی ناو سایتەکان دەگەڕێین بە شوێن ئەو ماڵانەی کە دەرگاکانیان بۆمان والآ کراوەتەوە هەرچی نوسینێک خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێت بۆمان بڵاو دەکەنەوە بەبێ هیچ تێروانینێکی سیاسی بۆ ئەو نوسەرە، تەنها ئەوەی گرنگە هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەیە کە بۆیانی دەنێرین جا ئەو کەسە ژن بیت یان پیاو دەوڵەمەند بێت یان هەژار مەسئول و مناڵە مەسئول بێت یان کریکاریک و مناڵێکی بێت پارتی بێت یان یەکیتی بێت هیچی حیسابی بۆ ناکرێت گرنگ ئەوەیە لە خزمەتی دۆزی کورد بێت و سودێک بە گەلەکەمان بگەیەنێت بەڕاستی یاسایەکی جوانە، هەرچەندە لە ناو سایتەکانیش پاش و پێش هەیە لە بڵاو کردنەوەی بابەتەکان کۆمەڵێک خەڵک هەن دەبی لە ڕیزی پێشەوە بابەتەکانیان بلاو بکرێتەوە هەرچەندە بابەتی باشیش نەبن وخەلك نەشیان خوێنێتەوە دەبی لە لای پێسەوە بڵاو بکرێتەوە، ئەوە بوە بە عادەت دیارە ناسیاوی وە بردەرایەتیش دەوری خۆی دەبینێت، وەکو جاری جاران دەبوا مەلای گوندەکان لە پێشەوەی پاسەکۆنەکانی گوندەکان سوار بونایە هەرچەندە ئەگەر خەڵکی تەمەن گەورەو ئافرەتیش هەبوایە ئەو شوێنە هەر بۆ ئەوان دەبوایە تەرخان بکرێت کەسی تر بۆی نەبو لە شوێنەکانی ئەوان دابنیشێت، بەڵام سایتەکانیش مەرجی خۆیان هەیە، بۆ وێنە من لە سایتی کوردستان نێت بابەتەکانم دادەبەزێنم ئەوەی من دەیبینم هەتا ئیستا مەگەر بە دەگمەن شتێکی ناشیرین لەو سایتە بەڕێزە کوردانەیە بڵاو کرابێتەوە تەنها جاری وا هەبوە لەبەر سەرقاڵی و زۆری بابەتەکان هەندێ شت بەسەریاندا تێپەڕیوە ئەویش هەر زوو بە زوو ڕونکردنەوەی لەسەر دراوە لەلایەن بەڕێوەبەری سایتەکە بەڕێز (کاک عومەر فارس) زۆر سوپاسی دەکەین، بەڵام بەبێ جیاوازی بابەتەکانمان بۆ بڵاو دەکاتەوە جا ڕەخنەشمان لە هەر کێ هەبێت لای ئەو گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە بابەتەکە لە خزمەتی ڕەوتی کوردایەتی بێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ بێت، لە هەر بوارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دیرۆکی هونەری بێت یارمەتیمان دەدات، بەڵام سایتە حیزبیە ڕەسمیەکان وانین تەنها دەبێ بەسەر حیزبەکان داهەڵبدەیت لە سودو بەرژەوەندی ئەوان بێت، لەو قالبە دەرچویت هیج شتێکت بۆ بلاو ناکەنەوە لەوانەشە هەندێک ئیلتزاماتی حیزبی هەبێت ڕێگە نەدات ڕەخنە لە هیج حیزبێکی هاوپەیمان بگیرێت بەهۆی ئیتفاقیە ئیستراتیجیەکانی کە مۆر کراون لە نێوانیاندا، بۆیە ئێمەش کی بە فراوانتر خزمەت بکات و سانسۆرمان نەخاتە سەر، بابەتەکانمان دەنێرین بۆ ئەوێ هەرچەندە من ئەندامی یەکێتی وەیان حیزبێکی تریش بم هەرکەسەو بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە، کاری حیزبیش بە شیوەیەکی تر دەکرێت هەر لایەک دەبێ مافی خۆی پی بدرێت، پێویستە گشتمان هەست بە لێپێچینەوە بکەین بەرامبەر بە گەلەکەمان و حکومەتی هەرێمی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان و حیزبە بەڕێزەکانیشمان، هیوادارم یەکیتی دڵی فراوان بێت و لە ڕەخنەی مەعقول نەترسێت، یەکێتی خاوەنی خەباتێکی زۆرە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و سەربازی هەردەم ئامادە بوە و بەباشترین شێوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردوە، شەهیدێکی زۆری داوە، چەندین داستانی گەورەی تۆمار کردوە چۆکی بەدوژمنان داداوەو زۆر جاران تەقڵەی بە فیل لێداوە هەرچەندە لە کوردستان فیلمان نەبوە بەڵام زۆر کەس هەبوە خۆیان لە شێوەی فیل داناوە بەڵام لە کۆتایی دۆڕاندویانە بەرامبەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێتی کاری باشی بۆ کورد کردوە خەڵکی سیاسەتوانی زۆری هەیەو مێژوش ڕوداوەکان وەکو خۆی دەنوسێتەوە، هەردەم خوێندنگایەکی بە بڕشت بوە بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی بە باشترین شێوە، ئێمەش خۆمان بە یەکی لەو خوێندکارانە دەزانین، باشە حیزبێک ئەوە سیفەتەکانی بێت دەبێ لەچی بترسێت، لەسەروەری زیاتر هیچی ترتان نەبوە، هەتا پاش ڕاپەڕین بەداخەوە لەوێوە هەندێک خاڵی لاواز و دیاردەی ناشیرین سەری هەڵداوەتەوە وەکوو ئەوەی گوێمان لێ دەبێت دەربارەی (دزی و گەندەڵی و تاڵان کردنی سەروەتو سامانی گەلەکەمان و قۆرغ کردنی هەموو وەزیفەکان بۆ خزم و کەسانی بەرپرسەکان) و چەند شتێکی لەو بابەتانە پێویست ناکات ناوی هەمو کارە دزێوەکان بێنم، ئەوەش تەنها ئێوە نین بەتەنیا، هەموو حیزبەکانی نێو حکومەت و پەرلەمان دەگرێتەوە، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، لەبەر ئەوەی هەمومان باش دەزانین کاتێک پاشی ڕاپەڕین کە حیزبەکان هاتنەوە کوردستان کەسێک نەبوو خاوەن ساختمانی بەرزو کۆمپانیاو ڤێلەی گەورەو سەیارەی مۆدێل 2007 و ئەو هەموو خشل و زێرەی کە بە قەدی ژن و منداڵەکەنی بەرپرسەکانەوەیەو ئەو ملیۆنەها دۆلارەی کە هەیانە و ئەو سەنسەنەتەی کە ئیستا تێدانە هەر هەموی خوێنی شەهیدانی تک تک لێ دەتکێتەوە، بەرپرسەکان خەڵکێک بون لەوانەیە خاوەنی 200 مەتر زەوی نەبون ئیستا بە سەدان دۆنم زەویو زاریان هەیە ناوماڵەکانیان هەر لە ناوماڵی (پادشاو گەداکان و شاهانە) دەچێت خزمو کەسەکانیان هەرچەندە لەوانەیە ڕۆژێک خەباتیان بۆ کورد نەکردبێت کەچی ئیستا لە سایەی بەرپرسەکان ئەوان بونە بەخاوەنی دەسەڵات لە کوردستان خەڵکی خاوەن شەهیدوماندوش کەس حیسانی سفری پێش فاریزەیان بۆ ناکات ئەوە کەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وایە؟ کەی لە پێڕەوو پرۆگرامی حیزبەکان شتی وا هەیە؟ کەچی دەشکرێت بێ ئەوەی شەرم لە کەس بکەن و خۆ هەڵبەتە لە کەسیش ناترسن خۆیان دەسەڵات دارن، جا توخوا کاک مەلا بەختیار خەڵکێکی سیاسی شۆڕشگێر خۆی وا لێبکات و گوێ نەداتە هیچ شتێک ئەی ئەوە موستەهەقی ئەوە نیە لەسەری بنوسرێت؟ وە بە خەڵکیان بناسێنین کە ئاوا خۆیان هەرزان فرۆش کردوە، ئێمە ناڵێین ئەوان لەبەر ئەوەی بەرپرسن یان ماڵ و منداڵی مەسئولەکانن نابێت وەکو خەڵک بژین بە پێچەوانەوە ئەوانیس مافی خۆیانە باشترین خواردن بخۆن لە باشترین خوێندنگا بخوینن و جلی جوان لەبەر بکەن با سەیارەی باشیشیان هەبێت لە خانوێکی ڕێک و پیک دابنیشن دەبێ ئەوانیس قەرەبو بکرینەوە لەو ڕۆژانەی کە ئەزیەتیان کێساوە خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان، بەڵام ئیشەکە لەو سنورە تێپەڕیوە بەرپرسەکان زۆلەوە زیاتر خاڵە سورەکانیان بەزاندوە، بێجگە لە خۆیان خەڵکانی تریشیان لەدەوری خۆیان کۆ کردۆتەوە کە بەقەدەر ئەوان دەوڵەمەندو سودمەند بونە، بێ ئەوەی شایەنی ئەو ئیمتیازاتانە بن هی وایان تیایە لەوانەیە دژی شۆڕش و پێشمەرگە بوە، لە پاش راپەڕین زۆر لە خۆی ترساوە خەڵک بیکوژن وەیان بیندەن بەدادگا ئێستاش خەڵکی شۆڕشگێر و ماندو نەناس و پێشمەرگەو خانەوادەی شەهیدان دەبێ لە ڕێگای ئەوانەوە چاویان بە بەرپرسەکان بکەوێت، نازانم ئێوەی سەرکردایەتی ئەو دیاردانە چۆن قەبوڵ دەکەن، ئەگەر بڵێن ئاگامان لێ نیە لەگەڵ ریزمدا وا نیە ئیوە خۆتان ئەوانەتان کردوە بە کەڵەگا بە سەر خەڵک هەر خۆشتان دەبێ سنوریکیان بۆ دابنێن، هەق وایە جارێکی تر بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیاسەتەکانی خۆتاندا بچنەوە، یان دیارە هاوکێشەکان گۆڕاون چۆن دەڵێین (کی کردی و کێ خواردی) ئەوانەی کە لە کاتی خەبات لە زۆر شوێنی کوردستان هەر بونیان نەبوو ئێستا لە سایەی سیاسەتی هەڵەی خەباتگێڕەکان خۆیان بونە بەخاوەنی کوردستان و بونە بە حاکمی موتڵەق ڕێزبەندیان گرتوە لە پلەو پایەو لێپرسراویەتی کوردستان و سەروەت و سامانی گەلیان بەسەر خۆیان دابەش کردوە هەروەکو میراتی باوکیانەو بۆیان ماوەتەوە ئاوا هەڵس و کەوت دەکەن ئەوەی ئەوان دەیڵێن هەردەبێ وابێت ئەگەر بە کەیفی ئەوان نەبێت ئەوا دەبن بەڕیگر لەبەر دەم هەر چاکسازیەک، دیارە لەسەر ئەو قاعیدەیە هاتوە خەڵکانی بێ خەبات ببن بە خاوەنی پارەو پولی زۆر و بازرگانی بە چارەنوسی گەلەکەمان بکەن تەنها لەبەر ئەوەی سەرکردەیەک دەناسن یان خزمایەتیان هەیە وەیان بە کوردیەکەی شەریکی بەرپرسێکی گەورەن وەیان لەبەر خاتری... خاترداران ئەو مەجالەی دراوەتی، بەڵام خوازیارین یەکێتی دەست پێشخەری بکات لە چاکسازی، ئەوەی کرا ئەوە چوو بەڵکو هەوڵێک بدەن لەلایەن خۆتانەوە ئەو دیاردانە بن بڕ بکەن و خۆتان پاك بکەنەوە لەو جۆرە کەسانەی کە بەو شتانە خەریکن سومعەی خەڵکە پاکەکانیشیان لەکە دار کردوە، هەوڵی هەموشمان بۆ بەرز کردنەوەی کوردو کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.